# تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ دەسەڵات

ن. ئەحمەد پالیزان
و. م مەجید سالح

دەسەڵات چییە؟ ئایا ئەم زاراوەیە تەنیا چەمکێکی سیاسی هەیە؟ میشێل فۆکۆ کە زۆربەی بەرهەمەکانی باس لەمەسەلەی دەسەڵات دەکات، پێی وا نییە دەسەڵات تەنیا بەسیاسەتەوە گرێدرابێت، بەڵکو بەبۆچوونی ئەو دەسەڵات لەهەموو زانستەکاندا دەکرێ لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ. فۆکۆ باوەڕی بەنزیکایەتی زانستو گوتار هەیە. بەرای ئەو دەکرێ لەهەموو شوێنێکیدا بەدوای دەسەڵاتدا بگەڕێن، لەپێکهاتەی خێزانەوە بگرە تا دەگاتە زانستی پزیشکی (بەکارهێنانی دەسەڵات بەسەر جەستەی مرۆڤ)، زانستی دەروونناسی (بەکارهێنانی بەسەر دەرون)و تێکرای زانستە مرۆڤایەتیەکانی تر. ئەم بابەتەی خوارەوە هەوڵدەدات لەتێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیەوە باس لەیەکێك لەقەیراناویترین چەمکەکانی زانستی سیاسی بکات.

لەزانستی کۆمەڵناسیدا کەم شتێك هەیە هێندەی دەسەڵات ئاڵۆزبێت، لەهەموو زاراوەکانی کۆمەڵناسیدا هیچ چەمکێك هێندەی چەمکی دەسەڵات، قسەی لەسەر نییە. لەوانەیە هەموومان کاتێك پرسیاری

دەسەڵاتمان لێدەکرێ هەمان ئەو قسانە بکەینەوە کە (سنت ئۆگستین) لەبارەی زەمانەوە وتوویەتی: (هەموومان دەزانین زەمان چییە، بەڵام گەر یەکێك لێمان بپرسێ: زەمان چییە؟ ئەوکاتە ئەزانین مەسەلەیەکی ئاڵۆزە).

هەموو ئەوانەی بیر لەدەسەڵات دەکەنەوە، بیریان بۆ لای ئەو رستەیەی (لورد ئاکتن) دەچێ کە دەسەڵاتی بەدروستکەری گەندەڵی زانیوەو دەسەڵاتی رەهای بەگەندەڵی رەها لەقەڵەمداوە. بەڵام ئایا ئەمە بەمانای خۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتی تێگەیشتن لەمانای دەسەڵات نایەت؟

زاراوەی دەسەڵات هەڵگری مانایەکی بەرفراوانو گشتگیرەو لەئاستێکی بەرفراواندا بەکاردەهێنرێت. دەسەڵاتی ئەنجامدانی کارێکی تایبەت، جێبەجێکردنی کردەوەیەكو بەشێوەیەکی گشتی توانای ئەنجامدانی هەرکارێك دەکرێ وەك دەسەڵات سەیری بکرێ. ئەم چەمکە بەئەندێشەی هێز، وزە بەکارهاتوەو گرێدراوە بەتوانای جەستەییو هزریو ئیتنیکیو ئیدارییەوە.

بەدەربڕینێکی سۆسیۆلۆژیانە دەکرێ بڵێین دەسەڵات بریتیە لەو تواناو هێزەی کە تاك دەتوانێ لە رێگەیەوە کەسانی تر گوێڕایەڵی خۆی بکات یان ملکەچیان بکات، یان لەگەڵ خواستەکانیاندا ئاشتیان بکاتەوە.

لەبەر گرنگی رۆڵی دەسەڵات لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، زۆر لەکۆمەڵناسەکان هەوڵیاندا بەلەبەرچاوگرتنی دەسەڵات، باس لە پتەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی بکەن. هەر لەم روانگەشەوە ئیشکالیەتی دابەشبونی دەسەڵات نواندنو لەکۆتاییدا ریزبەندی کۆمەڵایەتی دەبینن، ئەمەش بۆخۆی ئیشکالیەتی پێکهاتەی هەمو کۆمەڵەکانە بەشێوەیەکی گشتی، ئەو دەسەڵاتەی کە دەسەپێنرێ خۆی پێکهاتەی تایبەتی خۆی دروست دەکات، بۆئەوەی بەکاربێتو بەردەوام بێت، خۆی رێکدەخات لەکۆمەڵە زۆر ئاڵۆزەکاندا چەندین جۆر دەسەڵات سەرهەڵدەدەن. بەگشتی دەکرێ بیڵێین دەسەڵات واتە کەسێك ئەو توانایەی هەبێت رەفتارو هەڵسوکەوتی کەسانی تر دیاریبکات، ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە هەر هەبووە.

هەرچەندە فەیلەسوفو تیۆری زانستە سیاسیەکان، لەزەمەنی ئەفلاتۆنو ئەرەستۆ، سەرنجیان لەپەیامە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکانی فەرمانبەریو فەرمانڕەوایی داوە، بەڵام تەنیا لەسەدەی نۆزدەهەمو بیستەمدا، لەلێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژیەکاندا، باس لەم مەسەلەیە کراوەو بەوردیش لەکتێبەکانی کۆمەڵناس ماکس وبر ئەکرێ بۆی بگەڕێین.

ماکس وبر لەکتێبی (چەمکە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسی)دا دەسەڵاتی بە هەلێك دەزانی، کە لەچوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیەو، ئیمکانی ئەوە بۆ تاك دەڕەخسێنێ، تاکو ئیدارەی خۆی (سەرەڕای مقاوەمەتی ئەوان) بەسەر خەڵکانی تردا بسەپێنێ.

ماك ئایور چەندین جار جەختی لەسەر ئەوەکردووەتەوە، کە دەبێ لەناو کۆمەڵدا، بەدوای پایە سەرەتاییو کۆتاییەکانی دەسەڵاتدا بگەڕێن، نەك لەحکومەتو دەوڵەتدا، جگەلەوەش هەموو دەسەڵاتەکان سیاسی نین. دەسەڵاتی سیاسی، وەك دەسەڵاتی ئابوری و دارایی.. تەنیا یەکێکە لەجۆرەکانی، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو بەس.

ئاچ تاونی؛ پێناسەیەکی نزیك لە پیتر بڵاو لەسەر دەسەڵات دەخاتە روو، بناغەی پێناسەکەی بریتیە لەسەپاندنی ئیرادەی هەڵسوڕاوێك بەسەر یەکێکی تردا تاونی دەڵێ: (دەسەڵات بریتیە لەتوانای کەسێك یان تاقمێك بۆئەوەی رەفتارو هەڵسوکەوتی کەسانی تر بەو ئاڕاستەدا ببات، کە خۆی دەیەوێو گەر هەڵسوکەوتی ئەوان پێچەوانەی ویستی ئەو بن رێگەیان لێبگرێ بەرای (میلز)یش دەسەڵات بۆ کۆمەڵ وەك سیستەم کاری پێناکرێ، بەڵکو دەسەڵات توانایەکە دەخرێتە بەردەست تاقمێك بۆئەوەی رێگە لەخواستی کەسانی تر بگرنو بگەن بەویستەکانی خۆیان.

بەپێی بۆچونەکانی (پارسنۆز) لایەنە سەرەکیەکانی دەسەڵات لای میلز فەرامۆشکراوە تەنیا باس لەلایەنە لاوەکیەکانی دەسەڵات کراوە. پارسنۆز پێیوایە دەبێ دەسەڵات دروست ببێتو بەکارهێنانێکی جەمعیو دابەشکراوی هەبێت. هەروەها پێی وایە دەسەڵات بەپلەی یەکەم ئەو توانایەیە کە هەلی ئەوە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ، بۆئەوەی بگاتە ئامانجەکانی، تاکو ئەرکەکانی بەباشترین شێوە ئەنجامبدات.

بەرای پارسنۆزو هاوبیرانی، ئەگەر خەڵك و گروپەكان متمانەیان بەڕێبەرە سیاسیەكانی خۆیان هەبێ‌و سەرچاوەو تواناكانیان پێیان بسپێرن بۆئەوەی كەڵك لەو سەرچاوەو توانایانە وەرگرن، ئەوكاتە سەرچاوە و دەسەڵاتی حكومەت بەهێزدەبێت.

رێك وەك چۆن سپاردنی پارە بەبانكەكان متمانە بون بەبانكەكان زیاددەكات، سپاردنی سەرچاوەكانی دەسەڵاتیش بە حكومەت ئەو توانایەی پێ‌دەدا تاكو سەرچاوەكانی بەكارهێنانی دەسەڵات لای كۆمەڵ پەرەپێبدات. ئاشكرایە دیدگای پارسنۆزی، هەلگری ئەو تێڕوانینەی دەستەمۆكردنی دەسەڵاتە.

سەرچاوەی دیدگای ئەو لەپێویستی بەكۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتیەوە هەڵدەقوڵێ. هەر لەبەرئەوەشە، دەیەوێ خواستی خۆی زیاتر پیشان بدات.

دەسەڵات بەشێكە لەو چەمكانەی كە بەشێوەیەكی پتەو گرێ‌دراوە بەبەهاكانەوە. هەروەها چەمكێكە هەر لەسەرەتاوە هەلگری باس‌وخواسێكی زۆر و یەكێكە لەو چەمكانەی كە زۆر پێویستە لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی بەشێوەیەكی راست، لەلایەن ئەوانەی بەكاریدەهێنن. بەبەردەوامی قسەو شەڕی لەسەر بكرێ. دەسەڵات مەقولەیەكی شەڕانیە، بەومانایەی چەند هەڵسوراوێكی بەدەسەڵات بۆ گەیشتن بەئامانجەكانیان دەبێ لەگەڵ هەڵسوڕاوگەلێكی تردا دەست بدەنە ململانێ و شەڕ و زاڵ بن بەسەر بەرگریەكانیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان. ئەم تێڕوانینە خاڵێكە لەبەرامبەر تێڕوانینەكەی پارسنۆزی، بۆ چەمكی دەسەڵات.

هانائارنێت دەڵێ: دەسەڵات هەمان ئەو توانایەی مرۆڤە نەوەك بەتەنیا بۆ كاركردن بەكاردێت، بەڵكو بۆ كاركردن بەهەماهەنگی كەڵكی لێ‌دەبینرێ، هیچ كاتێك دەسەڵات سیفەتێكی تایبەت بەتاك نییە، بەڵكو هی گروپەو تائەوكاتەی گروپەكە هەیە دەسەڵاتیش دەمێنێ، كاتێك دەگوترێ كەسێك لەسەر دەسەڵاتە، لەراستیدا لەلایەن كۆمەڵە خەڵكێكەوە ئەو دەسەڵاتەی پێ‌دراوە، بۆئەوەی نوێنەرایەتی ئەوان بكات هەركە گروپی سەرچاوەی دەسەڵات لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، دەسەڵاتەكەش لەناودەچێ (دەسەڵات لەخەڵكەوەیە، بەبێ خەڵك یان گروپ هیچ دەسەڵاتێك بونی نیە). بەبڕوای هانائارنێت دەسەڵات پشتی

بەیەك دەنگیو هاوپـەیمانی بەسـتووەو لەسـەر پایـەی خـەڵك وەسـتاوەو پێویـستی بـەهیچ ئاڕاسـتەیەك نییـە، مەسـەلەیەکی زاتیـە لـەناو هـەموو کۆمەڵەکان، تەنیا پێویستی بەرەوایەتیە (مشروعیەت) هەرکاتێك خەڵك لە دەوری یەك کۆببنەوەو بەشـێوەی گـروپ هەڵسوکەوت بکـەن، دەسـەڵات چرۆدەکات.

بەپێچەوانەی توندوتیژی حاڵەتێکی کەرەستەیی هەیـە، هۆکارێکـە بـۆ گەیشتن بەدەسەڵات، توندوتیژی هـیچ کاتێـك رەوایـەتی نییـە. دەسـەڵات پێش ئەوەی کەرەستەیەك بێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، دەرفەتێکە بـۆ کۆمەڵێ خەڵك، بۆئەوەی بەپێی دەستەواژەی (ئامانج — کەرەستە) بـیر و کار بکەن. دەسەڵات و توندوتیژی دژبەیەکن و دوو ئاڕاستەی پێـچەوانەن. لەهەرکوێیەك یەکێکیان هەبێت، ئەویتریان نییە. توندوتیژی لـەو جێگەیـە سەرهەڵدەدات کـە دەسـەڵات لەمەترسـیدابێتو گـەر لەئاڕاسـتەی خۆیـدا بەرەڵابکرێت دەبێتەهۆی نابودکردنی دەسەڵات. بـەڵام بەبۆچـونی ئـالوین ئـا. گلـدمن، چـەمکی سـەرەکی دەسـەڵات گـرێدراوە بەوشـتانەی کـە شەخـسێك دەیـەوێ. بونـەوەرێك، بونەوەرێکـە کـە هـەموو خواسـتەکانی بەدیهاتووە. لەوانەیە نزیکترین پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کەرامەت لـەو لێکۆڵینەوانـەی (داس) سـەبارەت بـەکۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیـدا کرابێـت کـە دەڵێ: کەرامەت هۆکارێ بێ راستیە.

لەسـەری دەڕواو و دەڵـێ: ئـەو چـینەی زۆرتـرین کەرامـەتی هـەبێو باشـترینو زۆرتـرین دەسـەڵاتی دەبـێ، کەواتـە دەکـرێ کەرامـەت لەسەرچـاوەیەکی سـەرەکی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی بزانـرێ، کەرامـەت گرنگترین هۆکـارە بـۆ جیاکردنـەوەی مرۆڤێـك لـە مرۆڤێکـی تـرو گروپێك لەگروپێکی تر.

کەرامەت هۆکاری سەرەکی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی دابەشبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتیە، ناکرێ کەرامەتو دەسەڵات وەك یـەك سـەیر بکـرێن، چـونکە دوو گـۆڕاوی جیالەیـەکترن. زۆرجـار کەرامـەت دەسـەڵاتی لەگەڵـدا نییـە، بەڵام گەر هـەردوکیان پێکـەوە بـن، ئـەوا دەسـەڵات دەبێتـە پایەیـەك بـۆ کەرامـەتو کـەم جـار پێـچەوانەی ئـەو هاوکێـشەیە رودەدات، دەکـرێ سـەبارەت بەزانـستو شـارەزاییو شایـستەییو ناوبـانگی بـوترێ کـە هەرهەمویان بەشە پێکهێنەرەکان یان سەرچاوەکانی کەرامەتن و لەوانەیە لەگەڵ هیچ دەسەڵاتێکدا نەبن.

بەڵام کاتێك باس لەپەیوەندی زۆرو دەسەڵات دەکرێن دەبینین پەیوەندی هەردوو چەمکەکە نزیکترە. بەڵام لەبەر زۆر هۆ دەبێت جیاوازی لەنێوانیان بکەین. لەوانەیە گرنگترین هۆ ئەوەبێت زۆر ملکەچ کردنە بەڵام دەسەڵات ناچارکردنە. ئێمە بەشێوەیەکی ئیرادی تەسلیمی زۆر دەبین، بەڵام دەسەڵات پێویستی بەگوێڕایەڵی هەیە، دەکرێ زۆرو دەسەڵات بەشێوەیەکی رێژەیی جیا لەیەکتر دروست بن، چونکە دوو گۆڕاوی تارادەیەك سەربەخۆن. زۆر پێویستی بەدەسەڵات نییەو دەکرێ بەبێ زۆر دەسەڵات بەکاربهێنرێت. دەکرێ زۆر باوەڕی دۆستی بگۆڕێت، بەڵام دەسەڵات دۆستو دوژمن وەك یەك دەخاتە ژێر گوشارەوە. زۆر پەیوەندی هەیە بەئەندێشەو باوەڕو پەروەردەوە، بەڵام دەسەڵات گرێدراوە بەکەس یان گروپ یان ئەنجومەنێکەوەو لەناو باوەشی کۆمەڵێکدا دەناسرێتەوە.

ئەفلاتۆن، ئەرستۆ، گالیلۆ، نیوتن، کانتو.. کۆمەڵە کەسێکی خاوەن کاریگەری بوون، بەڵام هەزاران فەرسەخ لەدەسەڵاتەوە دوور بون.

جیاکردنەوەی دەسەڵات لەفەرمانڕەوایی تارادەیەك دەسەڵات چەمکێکی سۆسیۆلۆژی هەیە بەڵام فەرمانڕەوایی چەمکێکی دەروونناسی هەیە. شوێنی دەسەڵات گروپەو خۆی لەپەیوەندییە گروپییەکاندا دەردەخات. دەسەڵات لەو شوێنانەدا دەبینرێ کە مرۆڤەکان لەرێکخراوە رەسمیەکاندا کاردەکەن، بەڵام فەرمانڕەوایی لەوشوێنەدا دەردەکەوێ کە مرۆڤ لەرێکخراوە نارەسمیەکاندا رۆڵ دەبینێ. فەرمانڕەوایی بریتیە لەو هەڵەی کە بتوانرێ بەهۆیەوە کۆمەڵە خەڵکێك ملکەچ کرێت بۆ فەرمانێکی دیاریکراو. لەراستیدا فەرمانڕەوایی تەنیا بەستراوەتە بونی واقعی خەڵکەوە.

لەسەر مەسەلەی جیاوازی نێوان دەسەڵاتو زۆر توانا، دەکرێ بڵێین دەسەڵات نە زۆرەو نە توانا، بەڵام زۆر لێیانەوە نزیکەو دەتوانرێ بەهاوکاری ئەوان پێناسەی دەسەڵات بکەینو ئێستا پێناسەکە دەخەینەڕوو:

١- دەسەڵات زۆرێکی شاراوەیە.
٢- دەسەڵاتێکی ئاشکرایە.
٣- توانا دەسەڵاتێکی رێکخراوە.

هەردوو مەسەلەکەی سەرەتا دەکرێ پێکەوە قسەیان لەسەر بکرێ. گە بتوانین مانایەکی سەربەخۆ بۆ یەکێك لەو دووانە بدۆزینەوە، ئەوا دەکرێ لەرێگەی ئەوەوە پێناسەی ئەویتریشیان بکرێت. بۆیە دەکرێ پێناسەیەکی سەربەخۆی زۆر بکەین:

لەچەمکی سۆسیۆلۆژیدا، وشەی زۆر واتە بەکارهێنانی گرەنتی جێبەجێکردن. هەروەها لەچەمکی چین ناسیدا زۆر واتە کەمکردنەوەی سنورو لەناوبردنی یان لادانی تەواوی ململانێ کۆمەڵیەتیەکانی کەسێك یان تاقمێك لەلایەن کەس یان تاقمێکی ترەوە.

دەسەڵات توانای بەکارهێنانی زۆرە، بەپێچەوانەی زۆر، دەسەڵات بەرێکەوت هەردەم سەرکەوتووە، تەنیا ئەوکاتە سەرکەوتو نیە کە دەسەڵاتەکە نەمابێ یان لەناوچوبێ. دەسەڵات پیشاندەری زۆرێکە کە لەوانەیە لەدۆخێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنرێتو کاتێکیش بەکاردەهێنرێت دەبێتەهۆی بەتوانایی. کەواتە دەسەڵات نە زۆرەو نە توانا، بەڵکو ئاوێتەیەکە لەهەردووکیان بەڵام مەسەلەی دەسەڵات، هێندەش ئاسان نییە، لەنێو هەموو پرسیارەکاندا ئەو پرسیارە خۆی دەردەخات کە: چۆن ئیرادە دەسەپێنرێو چۆن ئەوانیتر تەسلیم دەبن؟

لێرەدایە کە پێویستە باس لەو کەرەستەو سەرچاوانە بکەین کە بەهۆیەوە دەسەڵات بەڕێوەدەبرێ.

بەرای (جان گیلبرت) سێ سەرچاوە هەن بۆ دەسەڵات، ئەوانیش بریتین لە؛ کەسایەتی، سامان و رێکخراو.

کەسایەتی یان بەواتا گشتیەکەی (رێبەرایەتی)، بریتیە لە چۆنایەتی جەستەیی، هزری، گوفتاری، ئەو نییەتە ئەخلاقی و خوڕەوشتە فەردیانەی کە هەڵی دەسکەوتنی کەرەستەکانی دەسەڵات بۆ کەسێك یان چەند کەسێك دەڕەخسێنێ. لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا لەرێگەی هێزی جەستەوە دەسەڵات دەهاتە دەست. ئەم بەهێزیە تاکو ئێستاش لای هەندێ خێزان و کۆمەڵی سەرەتاییەکاندا وەك سەرچاوەی دەسەڵات تەماشای دەکرێو نێرینە چوارشانەو باڵابەرزو بەتواناکان بەخاوەن دەسەڵات دەزانرێن.

دارایی یان سەرمایە بەلایەنێکی ئامریەت واتە دڵنیابون لە (ئامانج)وە پەیوەست کراوە، ئەم مەسەلەیە دەتوانێ تەسلیمبونێکی مەرجدار بخوازێ.

رێکخراو واتە گرنگترین سەرچاوەی دەسەلات لە کۆمەڵە هاوچەرخەکاندا خاڵێکی گرنگ ئەوەیە گەر کەسێك بیەوێ دەسەلاتی خۆی بسەپێنێ پێویستی بە رێکخراوێك هەیە.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژیای نوێ، دەسەلات لەو شێوازانەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەکرێ بەجۆرێك لەجۆرەکان پێیان بوترێ ئەبسیرت. وەك دەزانین کۆمەڵ لەچەندین جۆر پەیوەندی، فەرمان، گوێڕایەڵی پێکهاتووە. ئەو تاکەی کە فەرمان جێبەجێدەکات، لەحاڵەتی وادا هەیە فەرمان دەردەکات. ئەوەش نەك لەبەر ریزبەندی پلەوپایەکانی رێکخراوە ئاڵۆزەکان، بەڵکو لەبەر ئەو هەموو سیستەمە کۆمەلایەتیانەی کە تاك تێیدا ئەندامە.

بەکورتیو وەك دەرئەنجامێك بۆ ئەو باسەی سەرەوە دەکرێ بڵێین: دەسەلات تەنیا چەمکێکی سیاسیانە نییە، بەڵکو بەهەموو واتەکەیەوە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو لەهەرکوێیەك کۆمەڵێك مرۆڤ و بۆنەی کۆمەلایەتی بزۆکو ناجێگر هەبێ، ئەویش دەردەکەوێ. دەسەلات کارێکی بەکۆمەڵە. دەسەلات بۆ مانەوەو گەیشتن بەئامانجو خواستەکانی گروپێك کارێکی پێویستو ناچارییەو رۆڵێکی گرنگ لەلێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی روداوەکانی کۆمەڵدا دەبینێو پێویستە بەوردی لەلایەن ئەندێشمەندانو بیرمەندانەوە قسەوباسی لەسەر بکرێت.

**سەرچاوە:** ممشهری ژ ٢٧٩٣